# نامەیەك بۆ هاوڕێكانم لە وولاتی هەولێر



***كارمەند بەكر***

سلاّو برایانم و هاو زمانانم لە وولاّتی هەولێر و دهۆك و زاخۆ ، ئەم كاتەتان باش و بۆن و بەرامی وولاّتی سلێمانیتان لێبێ و من لە ولاّتێكی ترم و لێرەوە دەستی ماندوو نەبونتان ئەگوشم .

ئازیزانم ئێوە لای خۆتان ڕۆژی 3/14 تان كردە پشو و ئێمەش لە شاری سلێمانی دەوامی ڕەسمی خۆمان كردو نە كاتی خۆمان بە فیڕۆ دا و نە كاری هاولاّتیانیشمان دواخست .

بەڕێزانم ببورن گەر بڵێم ئێوە نازانن كات چەند زەڕوڕە و ئەگەر ڕۆژێك دەوامی ڕەسمی نەبێت چەندین پڕۆژە دوا ئەكەون و بە دەیان پلانی دیكەش ئیمزایان لە سەر ناكرێ و ئەزانی ڕۆژێك دەوام نەبێت حكومەت چەند هەزار دینار زەرەر ئەكات و كارەكانی هاولاّتیانیش ڕایی نابێت ، دیارە ئێوە نازانن .

نا ببورن ئەوانەی من دەیلێم هیچی ڕاست نین جگە لەوەی كە ئێوە 3/14 تان كردە پشوو ، با واز لەو قسە ناڕاستانە بێنم و وەرن قسە لەسەر پەرلەمان و حكومەت بكەین و بزانین ڕێكەوتن و بەڵێن ئاوادەبێ یان ؟

لە كەناڵی ئاسمانی كوردستان و زاگرۆس بلاّوی كردەوە كە ڕۆژی 3/14 بە بۆنەی ساڵیادی لە دایك بونی بارزانی نەمر دەبێتە پشوی ڕەسمی لە سەرجەم دام و دەزگاكانی حكومەت لە سەرانسەری كوردستان ، منیش هەستی نەتەوایەتیم چی لێهات خودایە كە لەهەر (چوار پارچەی كوردستان پشوو بێت )* .

ئەگەر چی من بۆخۆم قسەم هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو ڕۆژە پشوو بێت یان نا ؟ بەڵام قسەی من لەسەر ئەو پەرلەمانە داماوەیە کە بڕیارێك دەر دەکا و لایەك جێبەجێی دەکا و لایەك نایکا ، کەواتە گومان دروست کردن لە سەر یەکگرتنەوەی یەکێتی و پارتی دروستە و لاوازی پەرلەمانیش کە دەبێت بەرزترین دەسەڵات بێت و حزب لەر دەمی نەوێرێت بکۆکێت ڕاست نی یە جگە لەوەی کە لە بیرکاریدا پێی دەڵێن یەکسانە بە کۆمەڵەی بە تاڵ .

من نازانم چۆن دەبێت دڵم بە پەرلەمانێك خۆش بێت کە بڕیارەکانی گوێی بۆ نەگیرێ و نەچێتە بواری کرداری یەوە ، دەنا چۆن دەبێت بڕیار بدرێت و لە هەولێر و دهۆك پشوو بێت و لە سلێمانی دەوام هەبێت لەبەر ئەوە کە ئەگەر سلێمانی و هەولێر دوو وڵاتی جیان ئەمەم قبوڵە بەڵام کە یەك شاری پارچەیەکی لەت لەت کراو بێت ئەمەیان هەزم ناکرێ چونکە پەرلەمان هی هەموانە نەك لایەن و گرووپێك .

ئەگەر من ئەندام پەرلەمان بم ئێستا دەست لەکاردەکێشمەوە نەك سبەینێ ، لەبەر ئەوەی کە ئەو ناوەندە هیچ حسابێکی بۆ ناکرێ و هیچ حاسیبەیەك نایخوێنێتەوە و تێگەیشتن بۆی ئاسان نیە لەبەر ئەوەی کە سلێمانی و هەولێر دوو وڵاتی جیانین تا بڕیار و کاریان جیاواز بێت .

قسە هەزارە یەکی بەکارە ئەگەر حکومەت و پەرلەمان ڕاست دەکەن ، با هەر لە سەرەتای ساڵەوە دیاری کەن کام ڕۆژ پشووە و ئیتر لەو قۆناغە دەرچین شەوان ئەم کەناڵ بیکاتە پشوو و ئەوی دیکەیان بڵێت دەوام هەیە خۆ ئێمە لە وڵاتێك نین و دەڤەرەکەی تریش وڵاتێکی تر بێت ، وەرن با پێکەوە بە دەسەڵات و حکومەت و پەرلەمان بڵێین ئێوە لەسەر ڕۆژێکی پشوو ڕێناکەون بەڵام بیرتان نەچێت گەلێك دەنگی بۆ داون .

* من بە چوار پارچەی کوردستان تێگەیشتم نەمزانی چوار پارچە بۆتە دوو شار!!